**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٤٥٨٨ لە ٢٠٢١/٦/٨**

پاڵپشـت بە نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجـوومەنی وەزیـران ژمـارە/ ٣٥١١لە ٢٠٢١/٤/٦ بڕیـاردرا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

**ڕێنمایی ژمارە(٧) ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە(فەرمانبەرانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق)**

١- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەسەر میلاکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ میلاکیان گوازراوەتەوە یاخود دەگوازرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویستی دام و دەزگاکان ، پێویستە هاوشێوەی هاوتاکانیان لە فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت و نابێت هیچ جۆرە جیاوازییەک بمێنێت لە مووچەکانیان .

٢- کار بە هیچ ڕێنماییەك و گشتاندنێك ناکرێت تایبەت بۆئەوانەی لە خاڵی (١)ی سەرەوەدا هاتووە

٣-ئەم ڕێنماییە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٤٥٨٧ لە ٢٠٢١/٦/٨**

**ڕێنمایی ژمارە(٨) ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە فەرمانبەری تەنسیب**

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣٢٠٧ لە ٢٠٢١/٣/١٦ و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

١- (استثناء)کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە بۆ نووسینگەی بریکاری وەزارەتەکان تەنسیب دەکرێن لە خاڵی (٥)ی ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە و مووچە و دەرماڵەکانیان لە ڕێکەوتی دەست بەکاربوونیان بە درێژایی ماوەی تەنسیبەکە لە فەرمانگەکەی خۆیان خەرج بکرێت نەک ئەو فەرمانگەیەی بۆی تەنسیب کراون.

٢- ئەم ڕێنماییەکاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**